# كاریگەری گرووپە مەرجەعیەكان لەرۆشنبیركردنی هەرزەكاراندا

**توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی ژنان و منداڵان/ لەشاری هەولێر**

**ID No. 435**

(PP 346 - 363)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.1.21

**علی هادی علی**
بەشی كۆمەڵناسی، كۆلیژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر
ali.h.ali@su.edu.krd

**صباح أحمد نجار**
بەشی كۆمەڵناسی، كۆلیژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەددین-هەولێر

**وەرگرتن : 2022/07/25**

**پەسندكردن : 2022/09/18**

**بڵاوكردنەوە : 2023/02/25**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە بۆ دۆزینەوە و زانینی پەیوەندی گرووپە مەرجەعییەكان بە ڕەفتاری هەرزەكارانەوە، تیایدا، هەوڵدراوە ڕۆشنبیری هەرزەكاران بزانرێت و دواتر كاریگەری هەریەكە لەگرووپە مەرجەعییەكانی ( فاكتەری خێزان, قوتابخانە, گرووپی هاوڕێیان, ژینگە كار, مزگەوت و ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ) لەسەر ڕەفتاری هەرزەكاران بزانرێت، هەروەها هەوڵدراوە جیاوازی یەكەكانی توێژینەوە لە پەیوەندییان بە گرووپە مەرجەعییەكان بەپێی گۆڕاوەكانی ( ڕەگەز، تەمەن و ئاستی خوێندەواری ) ڕوونبكرێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەدراوە بە كاریگەری گرووپە مەرجەعییەكانی(خێزان، قوتابخانە، گرووپی هاوڕێیان، ژینگە كار، مزگەوت و فاكتەری ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان) لە ئاڕاستەكردنی هەرزەكاران بەرەو ڕەفتاری لادان و تاوان، پاشان دیارخستنی بەهێزترین گرووپی مەرجەعی كاریگەر لەسەر ڕەفتاری هەرزەكاران.

**وشە كلیلەكان:** گروپە مەرجەعییەكان، ڕۆشنبیركردن، هەرزەكار.

## 1. پێشەكی:

بە شێوەیەكی گشتی هەرزەكاران لەهەر شوێنێك و هەر سەردەمێكدابن، لە ڕەفتار و هەڵس و كەوتدا دەكەونەژێر كاریگەری فاكتەرە كۆمەڵایەتییەكان، فاكتەرە كۆمەڵایەتییەكان تەمسیلی كۆمەڵێك بارودۆخ دەكەن كەدەوری تاكی داوە، لێرەدا بارودۆخی كۆمەڵایەتی كورت دەبێتەوە لە كۆمەڵێك پەیوەندی لەنێوان تاك و گرووپەكان كە تاك تێكەڵاوی لەگەڵیاندا هەیە، بەتێكەڵبوونێكی قووڵ ژیانی پەیوەستە بەژیانییان بۆ ماوە و كاتێكی درێژ، ئەمانیش بریتین لە خێزان و قوتابخانە و گرووپی هاوڕێیان و ژینگەی كار و دامەزراوە ئاینییەكان(مزگەوت) و ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، سەرەتا تاك لەناو خێزان و لەچوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتی داخراودا دەست بە ژیانكردن دەكات، تیایدا پەیوەندییەكانی لەسەر بنەمای نزیكی بەپلەی نزیكی خوێن لەگەڵ ئەندامانی خێزانەكەی دەبەستێت، دواتر لەگەڵ زیادبوونی تەمەن پەیوەندییەكانی بەرەو بازنەیەكی گەورەتر دەڕوات، هەندێك گرووپی تر دەوری دەدەن و تێكەڵاوییان لەگەڵ دەكات كە خۆی لە قوتابخانە و گرووپی هاوڕێیان دەبینێتەوە، هەتا لەڕووی تەمەنەوە بەرەو پێش بچێت بازنەی پەیوەندی لەگەڵ چوارچێوە كۆمەڵایەتییەكەی گەورەتر و فراوانتر دەبێت، پاشان لەگەڵ ژینگەی كار و دامەزراوە ئاینییەكان و ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان هەریەكەیان ڕۆڵی گرووپی مەرجەعی لە ڕەفتاركردن و هەڵس و كەوتیدا دەگێڕن و دوور و نزیك و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر پەروەردە و ڕۆشنبیرییەكەی دروست دەبێت، ڕەفتاری تاك كاریگەر دەبێت بەڕەفتاری كەسانی نزیكی كەدەوریان داوە لەڕێگای تێكەڵاوبوونی لەگەڵ كەسانی دەورووبەری و لاساییكردنەوە ڕەفتاری ڕەنگدانەوەی ڕەفتاری گرووپەكان و ناوەندەكانی دەورووبەری دەبێت كە بۆتاك بوونەتە گرووپی مەرجەعی.

## 2. ڕەگەزە سەرەكیەكانی توێژینەوەكەو پێناسەكردنی چەمكەكان:

### 2. 1 گرفتی توێژینەوەكە:

گرفتی سەرەكی توێژینەوە بریتیە لەوەی كەوا چۆن هەرزەكاران لەلایەنی ڕۆشنبیرییەوە كاریگەردەبن بە گرووپە مەرجەعییەكانی(خێزان، قوتابخانە، گرووپی هاوڕێیان، ژینگەی كار، مزگەوت و ئامرازەكانی ڕاگەیاندن و تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان)،

هەروەها ئەمانە چۆن کاریگەری دەکەنە سەر ئەو بەها و پێوەرانەی کەدروست دەبێت لەلای هەرزەکار، کەڕۆژانە لەڕەفتارەکانی لەگەڵ ئەوانی تر دەری دەبڕێت.

ئەم توێژینەوەیە لەدوو گۆڕاو پێکهاتووە کەبریتین لە:

- گۆڕاوی سەربەخۆ: گرووپە مەرجەعییەکان، کە پێك دێت لە خێزان، قوتابخانە، گرووپی هاوڕێیان، ژینگەی کار، مزگەوت، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

- گۆڕاوی پاشکۆ: ڕۆشنبیری هەرزەکار، کەپێك دێت لە ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری ئاینی، ڕۆشنبیری وەرزشی، ڕۆشنبیری سیاسی، ڕۆشنبیری ئابووری، ڕۆشنبیری زانستی.

ئێمە لێردا دەمانەوێت کاریگەری گۆڕاوی گرووپە سەربەخۆیەکان دیاربکەین لەسەر گۆڕاوی پاشکۆ کە ڕۆشنبیری هەرزەکارە بەگشتی، دواجار کاریگەری هەر گرووپێکی لاوەکی لە بوارە جیاکانی ڕۆشنبیری.

لەو چوارچێوەیەدا و لەم توێژینەوەیەدا پرسی سەرەکیی توێژینەوەکە بریتییە لە پرسیاری:

ئایا گرووپە مەرجەعیەکان کاریگەرییان هەیە لە ڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا؟

پاشان لە پرسی سەرەکی توێژینەوەکە چەند گرفتێکی تری لاوەکیمان خستۆتەڕوو وەکو:

1- ئایا خێزان کاریگەری هەیە لە ڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا؟

2- ئایا گرووپی هاوڕێ کاریگەری هەیە لە ڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا؟

3- ئایا دامەزراوە پەروەردەییەکان کاریگەرییان هەیە لەڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا؟

4- ئایا ژینگەی کار کاریگەری هەیە لەڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا؟

5- ئایا دامەزراوە ئاینییەکان کاریگەرییان هەیە لەڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا؟

6- ئایا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە لەڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا؟

**2.2 گرنگیی توێژینەوەکە:**

هەر توێژینەوەیەکی زانستی کاتێک کە دەکرێت، بە گوێرەی ئەو بابەتەی توێژینەوەی لەسەر دەکرێت، لە ڕێگەی خستنەڕووی زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە دوو جۆر گرنگی لە خۆ دەگرێت.

**گرینگی تیۆری**: ئەم توێژینەوەیە باس لەبابەتێکی هەستیاردەکات لەکۆمەڵناسی پەروەردەیی، باسکردنی لەکاریگەری گرووپە مەرجەعییەکان لەڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا لەشاری هەولێر کەدەبێتە سەرچاوەیەك لەکتێبخانەکان یاریدەدەر دەبێت بۆ کەڵەکەبوونی زانیاری لەبواری کۆمەڵناسی پەروەردە هەروەها جێگیری ئەو زانیاریانەی کەلە بۆچوونە تیۆرییەکان دەستنیشان دەکات. وە کۆمەڵێك ئەنجامی زانستی دەخاتەڕوو بۆئاشکراکردنی شێوازی ڕۆشنبیرکردن و پەروەردەکردنی گرووپە مەرجەعییەکان لەپەروەردەکردنی هەرزەکاران لەهەولێر، هەروەها دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ دەستنیشانکردنی جۆری کاریگەرییەکان و چەندییان لە ڕێگەی خستنەڕووی زانیارییەکانی ناو توێژینەوەکە،

**گرینگی مەیدانی:** ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێك ئەنجامی زانستی دەخاتەبەردەم دام و دەزگا مەرجەعی و پەروەردەییەکان، بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵە ئیجابیەکەیان لەپەروەردەکردن و ڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاران لە هەولێر.

**2. 3 ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات بۆدەستنیشانکردنی کاریگەری گرووپە مەرجەعییەکان لەڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا، ئەمەش لەڕێگای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چەند ئامانجێک کە بریتیین لە:

1- زانینی جیاوازی یەکەکانی توێژینەوە لەڕووی ( ڕەگەز و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاستی خوێندەواری) لەکاریگەری گرووپە مەرجەعیەکان لە ڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا.

2- زانینی پەیوەندی نیوان گرووپە مەرجەعییەکان و ڕۆشنبیری هەرزەکاراندا.

3-زانینی کاریگەری هەریەکە لە گرووپە مەرجەعییەکان( خێزان و هاوڕێ و دامەزراوە پەروەردەیی و ئاینییەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) لە ڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا.

### 3. پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

چەمکەکان بریتین لەکەرەستەی ڕەمزی بۆگوزارشت کردن لـەمانا و هـزر و بیـری جیـاواز، بەمەبەسـتی گەیانـدنیان بەکەسـانی دیکـە، لەزانسـتە مرۆڤایەتیەکانـدا تـوێژەران ناچـارن بـەهۆی کۆمـەڵێك هۆکـارەوە زیـاتر لـە پێناسـەیەك بۆهـەر چـەمکێك بکەن(بۆکانی،53:2016).

گرنگترین چەمکەکانی ئەم توێژینەوەیە کە پێویستیان بە پێناسەکردن هەیە، بریتیین لە چەمکەکانی، گرووپە مەرجەعیەکان، ڕۆشنبیرکردن، هەرزەکار:

### 1.3 چەمك و پێناسەی گرووپە مەرجەعییکان: الجماعات المرجعیة ( Reference Group )

چەمکـی گرووپـی مەرجـەعی یەکـێکە لە چەمـکە سـەرەکییەکانی ئەم تـوێژینەوەیە. مەبەسـتمان لە گرووپـی مەرجـەعی لەم توێژینەوەیەدا، بریتیە لە خێزان و قوتابخانە و هاوڕێ و ژینگەی کار و مزگەوت و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

گرووپە مەرجەعییەکان دەگەڕێتەوە بۆ کۆمـەڵێك هۆکـاری کاریگـەر لەسـەر ڕەفـتاری تـاك و گرووپـەکان، تـاك بوونـەوەرێکی کۆمەڵایەتیە کار لەژینگەکەی دەکات و پێشی کاریگـەر دەبێـت، بەتایبـەتی ئەوتاکانـەی لەنزیکییـەوە لەگەڵیـدا دەژیـن، ژیـانی تـاك دەوەستێتە سەر کارلێکی لەگەڵ کەسانی تر و پشتیان پێدەبەستێت لە تێرکردنی پێداویسـتی و ئارەزووەکـانی، لەمیانـەی پەیوەندییـە فەڕمی و نافەڕمیەکان ڕۆشنبیرییەکەی شێوەدەگرێت کەوا لە پراکتیزەکردنی ڕەفتاریدا پشتی پێدەبەستێت.

سولومونSolomon (2006:189) پێناسەی دەکات کە بریتیە لە تـاك یـاخود گروپـی کاریگـەر یـاخود ئەندێشـەیی، کـەوا تـاك وێنایدەکات کەپەیوەندییەکی بەهێزی پێەوە هەیە، لەڕێگای هەڵسەنگاندنەکانی بۆ تاك یا ڕەفتار و هەڵس و کەوتەکانی تاك.

عزام العـزام(19:2007) دەڵێتبریتییـە لەهەرکەسـێك یـاخود گروپێـك بۆتـاك، کـە دەبێـتەخاڵێکی بـەرواوردکردن یـاخود خـاڵی گەڕانەوە بۆ تاك لەدروستبوونی بەها و ئاڕاستەکان و ڕەفتاری جا چ گشتی بێت یاخود تایبەتی.

والکر Kwalker (2008:148) دەڵێت کۆمەڵە تاکێکن کەوا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنییان لەسەرتاك هەیە، لەلایەنی ئاڕاستەکانی و ڕەفتارەکانی و بڕیارەکانی.

پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی گرووپە مەرجەعییەکان:

لەم توێژینەوەیە مەبەستمان لە چەمکی گرووپە مەرجەعییەکان بریتییە لە کۆمەڵەتاکێك یاخود ژمارەیەك لەخـەڵك کەلەڕێگـەی پەیوەندییان لەگەڵ هەرزەکار بەڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ و بە ئەرێنی و نەرێنی کاریگـەری لەسـەر ڕەفـتاری دروسـت دەکـەن، جـا ئەگەر ئەم گرووپە پابەندبوون بەیاسا و پێشێلیان نەکرد ئەوا هەرزەکارەکەش باش و چـاك و دوور لـەتاوان و لادان دەبێـت، بـەڵام ئەگەر ئەم گرووپە دژی یاسا بوو و پێشێلییان دەکرد ئەوا هەرزەکارەکەش لادەر دەبێت.

### 2.3 ڕۆشنبیکردن: التثقیف ( Education )

چەندین پێناسە بۆ چەمکی ڕۆشنبیرکردن کراوە، وەکو ئەوەی، پێناسەی منصـور ( 2006: 180) دەڵێـت ڕۆشـنبیری بریتییـە لـە کۆمەڵێك بەهای خاوەن پاشخانی ماددی و مەعنەوی و هزری مانادار، کە ڕۆشنبیری تاکەکان دەردەخات لەلایەنە جیاوازەکانی ژیـان شێوازەکانی ڕەفتاری تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە شێوازە ڕەفتارییەکانی تاکەکان کۆمەڵگاکانی تر جیادەکاتەوە.

عەرەبی العربي (2013 :7) دەڵێت مەبەست لە ڕۆشنبیرکردن ئاماژەیە بەکردارێکی بەردەوام لەمنداڵیەوە تا دوا تەمەنی تاك، کـە تیایدا تاك پەیوەست دەکرێت بە ئامرازەکانی پەروەردە و شێوازە ڕەفتارییەکانی کەلەو دەوروبەرەی تیایدا دەژیت بوونیان هەیە.

هەمشري همشري (2013: 22) دەڵێت بریتییە لەکردارێکی مەبەستدار بۆ گواستنەوەی ڕۆشـنبیری لەنەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی تر، ڕێگایەکیشە کە تاکەکان دەیگرنەبەر هەر لەمنداڵیـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانن لـەو کۆمەڵگایـەدا بـژین، کـە خـاوەنی ڕۆشـنبیرییەکی دیاریکراوە.

پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی ڕۆشنبیرکردن: مەبەستمان لە ڕۆشنبیرکردن لەم توێژینەوەیەدا ئەو پرۆسـە مەبەسـتدارەیە کەتیایـدا تاك (هەرزەکار) لە شاری هەولێر لەشێوازەکانی ڕەفتارکردن و هەڵس و کەوت و ئاڕاستەکانی ڕادەهێنرێت، تاکو بەشێوەیەك ڕەفـتار و هەڵس و کەوت بکات لەلایەن کەسانی نێو کۆمەڵ و گرووپەکەی پەسەندکراوێت.

**2.3 هەرزەكار: المراهق ( Adolsence )**

هەرزەكار ئەندامی خێزان و كۆمەڵگایە، وە قوتابیە لە قوتابخانە، یانیش كاردەكات لە دامەزراوەیەك یان پیشەیەك، بۆیە لێرەدا نیشانەكانی ئەم قۆناغە و نهێنی و پێویستیەكانی تەنها یەك شێوە نابێت، هەرزەكار براوەیە ئەگەر لە باشترین خێزان بێت و هاوڕێی باشی هەبێت، هەرزەكاری باش و سەلار لەگەڵ خێزانەكەی گونجاوە و لە قوتابخانەشدا سەركەوتووە، بەڵام ئەم كارە پێچەوانە دەبێت ئەگەر باوك بەگومانەوە مامەڵەی لەگەڵ بكات و دایك توند و تیژ بێت لەگەڵیدا، لەم كاتەدا بەرەو هاوڕێی خراپ دەڕوات كە ئاژاوەگێڕ و لادەر و یاخیكەرن بۆی( بكار،2010: 14).

بحرومي(2010: 26)دەڵێت هەرزەكاری بریتیە لەقۆناغێكی تەمەن، كەلەپێش قۆناغی پێگەیشتنە.

علي (2013: 20) دەڵێت لەزمانی ئینگلیزی چەمكی هەرزەكار دەگەڕێتەوە بۆ ( Adolescenc) لەفرمانی ( Adolecers) لەزمانی لاتینی، كەبەواتای نزیك بوونەوەی هەنگاو بەهەنگاو لە پێگەیشتوویی دێت، لەلایەنی جەستەیی و سۆزداری و عەقڵی و هەڵچوونییەوە.

نذير (2015: 12) دەڵێت هەرزەكاری قۆناغێكی ڕاگواستن و یەكلاییكەرەوەیە، بەرەو سەربەخۆیی دەروونی و ئازادبوونە لە پاشكۆیەتی منداڵی، كەئەم كارە بەرەو ڕوودانی گۆڕانكارییە لەسەر ئاستی كەسێتی، بەتایبەتی لەپەیوەندی ئاڵ و گۆڕی نێوان خوود و كەسانی تر.

پێناسەی كارڕایی بۆ چەمكی هەرزەكار: مەبەستمان لە پێناسەكردنی چەمكی هەرزەكار ئەوەیە كە: قۆناغی نزیك بوونەوەی تاكە لە پێگەیشتن لەلایەنی عەقڵی و دەروونی و كۆمەڵایەتی و جەستەیی و جووڵەیی، لەتەمەنی ( 11- 18 ) ساڵیدایە، بەڵام هێشتا تاك نەگەیشتووە بە پێگەیشتنی تەواوەتی.

**4. تیۆرە بەكارهاتووەكان و توێژینەوەكانی پێشوو:**

**4. 1 تیۆرە بەكارهاتووەكان لەم توێژینەوەیەدا:**

بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەک پێویستە پشت ببەستین بەتیۆرێک، یان چەند تیۆرێكی زانستی، ئەمەش بەمەبەستی زانینی چۆنیەتی دەركەوتن و سروشتی بابەتەكە، ئەو هۆكارانەی كاری تێدەكەن و ڕوونكردنەوەی لێكەوتەكانی دیاردەكە، چونكە تیۆری زانستی ئاماژەیە بۆ چوارچێوەیەكی هزریی كە كۆمەڵێـک ڕاستیی زانستی شی دەكاتەوە و لە میانەی شێوازێكی زانستی پێكەوە گرێدراو دایان دەڕێژێتەوە (سعيد،2020:12).

**4. 1. 1 تیۆری تێكەڵبوونە جوداییەكان: الاختلاط التفاضلي Differential association**

ئەم تیۆرە زیاتر گرینگی دەركەوت لەكۆمەڵناسیدا بەدەوڵەمەندكردنی بوارێكی گرینگی ئەم زانستە لەبواری لادان و ڕەفتاری تاوانی، سذرلاند تیۆرەكەی لەسەر شیكاری دەروونی و كۆمەڵایەتی دامەزراند كە چۆن سروشتی ژینگەی گرووپ كاریگەری دروست دەكات لەسەر ڕەفتاری تاك(غفور، 2015: 79). لای سذرلاند لێكدانەوەی ڕەفتاری تاوانی وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە، بەو واتایەی ڕەفتارێكی وەرگیراوە لەڕێگای فێربوون تاك فێری دەبێت، نەك بەرهەمێكی بۆماوەیی بێت، پەیوەندی لای بەشێكی بنەڕەتیە لەكرداری وەرگرتنی ڕەفتاری تاوانی لەلای تاك، كە جەختی لەسەر پەیوەندی ڕاستەوخۆی نێوان تاكەكانی گرووپەكان دەكاتەوە، كە لەنێوانییان پەیوەندییەكی قووڵ و متمانەیی هەیە، ئەوەش پەیوەست بوونێكی كەسیە لای سذرلاند.

لێرەدا سذرلاند هەموو كاریگەرییەكی بۆماوەیی ڕەتدەكاتەوە لەسەر ڕەفتاری تاوانی وەك ڕەفتارێكی كۆمەڵایەتی، بەتەواوی پشت دەبەستێت بە تێكەڵبوونی تاكەكان لەگەڵ یەكتری، كەڕەفتار لەیەكترەوە فێردەبن، سذرلاند دەڵێت ئەگەر تاك لەگەڵ تاكەكانی

ئەو گرووپانە تێكەڵبوو كەڕێز لەیاسا دەگرن و پێشێلی ناكەن، ئەوا تاكەكە كەسێكی ناتاوانبار و ئاسایی دەبێت، بەڵام ئەگەر تاكەكە لەگەڵ تاكەكانی ئەو گرووپانە تێكەڵبوو كە پێشێلی یاسا دەكەن و ڕێزی یاسا ناگرن ئەوا كەسێكی تاوانباری لێدەردەچێت، ئەوەش بووە بنەمای ناونانی تیۆرەكەی بە تیۆری تێكەڵبوونە جوودایەكان( عودة،2017: 14).

سذرلاند تیۆرەكەی لەسەر كۆمەڵێك بنەما داڕشتووە:

1- ڕەفتاری تاوانی لەڕێگای فێربوون وەردەگیرێت، واتە ڕەفتاریكی بۆماوەیی نیە، ئەگەر كەسێك لەسەر ڕەفتاری تاوانی ڕاهێنانی نەكردبێت ناتوانێت تاوان بكات.

2- ڕەفتاری تاوانی لەڕێگای پەیوەندی بەکەسانی ترەوە وەردەگیرێت، پەیوەست بوون بە پەیوەندی ڕاستەوخۆیە، کەزۆربەی جار پەیوەندییەکی گوفتارییە، هەندێك جاریش پەیوەندییەکە لەڕێگای ئاماژەوە دەبێت.

3- بەشێکی زۆری کرداری فێربوونی ڕەفتاری تاوانی لەناو ئەو گرووپانەدا ڕوودەدات کە تاکەکانە بەپەیوەندییەکی کەسی بەهێز لەسەر بنەمای خۆشەویستی و سۆز، واتە پەیوەندییە ناکەسییەکانی وەکو ڕۆژنامە و سینەما و دراما ڕۆڵێکی گرینگ لە دروست بوونی تاوان ناگێڕن.

4- کرداری ڕەفتاری تاوانی دووشت لەخۆی دەگرێت:

أ- ئامراز و کەرەستە هونەرییەکانی تاوان کردن.

ب- ئاڕاستەکردنی بوارەکانی پاڵنەر و هێشتنەوە لەناساندنی بنەما یاساییەکان بەئاماژە گونجاو و نەگونجاوەکانیەوە.

5- تاك بەهۆی پەیوەندیکردن بەکۆمەڵێك کردار و لایەن تاوان دەکات، لایەنێك پێی وایە تاوان شتێکی نەگونجاوە و لایەنێکیش پێی وایە تاوان شتیکی گونجاوە، ئەمەش بنەمای تێکەڵبوونە جوداییەکانە کە ئاماژەیە بۆ پەیوەست بوونە تاوانییەکان و ناتاوانییەکان لەهەمان کاتدا، ئەو کەسەی دەبێتە تاوانبار دەکرێت ببێتە کەسێکی ناتاوانبار یاخود نموونەیەکی ناتاوانی.

6- ئەگەر کەسەکە تێکەڵاوی و مەیلی بەرەو ئەو گرووپانە بوو کەوا پێشێلی یاسا دەکەن و لەیاسا لادەدەن پێیان وایە پێشێلکردنی یاسا شتێکی گونجاوە، ئەوا دەبێتە کەسێکی تاوانبار و لادەر، بەڵام ئەگەر تێکەڵاوی و مەیلی بەرەو ئەو گرووپانە بوو کەوا ڕێز لەیاسا دەگرن و پێشێلی ناکەن و پێیان وایە پێشێلکردنی یاسا شتێکی نەگونجاوە، ئەوا دەبێتە کەسێکی ئاسایی و دوور لەتاوان.

7- تێکەڵبوونە جوداییەکان لەسەر بنەمای پێشینەیی کەبریتییە لە ئاڕاستەکردنی تاك بۆوەرگرتنی ڕەفتاری باوی کۆمەڵگا، بەردەوامی بریتییە لەماوەیەکی زەمەنی کە وەرگرتنی ڕەفتاری لەڕێگای تێرکردنی پێداویستیەکان لەسەر بنەمای گوێنەدان بەیاسا بێت، قووڵی بریتییە لە قووڵی کاریگەری کەتاك پێی دەگات و ڕادەی کاریگەرییەکەی لەڕەفتاریدا لە پێناو تاوان.

8- کرداری فێربوونی ڕەفتاری تاوانی پەیوەستە بە تێکەڵبوون لەگەڵ نموونەی تاوانی و ناتاوانی، گشت میکانیزمەکان دەگرێتەخۆی کە لەهەر کردارێکی تری فێربوون هەیە، فێربوونی ڕەفتاری تاوانی لەسەر یەك میکانیزم نەوەستا کە چاولێکەری بێت کەهەندێك لایەن پێیان وایە، بەڵکو لایەنی میکانیزمی تریش ڕۆڵی تێدا هەیە.

9- ئەگەر ڕەفتاری تاوانی دەربڕین بێت لە پێویستی و بەهای گشتی، ناکریت لێکدانەوەی بۆبکرێت لەمیانەی ئەو پێویستی و بەها گشتییانە، چونکە ڕەفتاری ناتاوانیش هەمان پێویستی و بەهای هەیە، واتا ناکرێت ڕەفتاری تاوانی و ناتاوانی بەهەمان شێوازی لێکدانەوەی ڕەفتاری لێکبدرێتەوە( فريجة، 2019: 125).

لێرەدا لەم توێژینەوەیەماندا هەوڵدەدەین بۆچوونی سذرلاند وەربگرین لەمەڕ تێکەڵبوونە جوداییەکان بەشێوەیەکی تیۆری لەگەڵ توێژینەوەکەمان، لەو هەوڵەمان بۆ زانینی توانای ئەم بۆچوونە چیە بۆ لێکدانەوەی لایەنێك لەلایەنەکانی ئەم پەیوەندییە، بەتایبەتی بە کاریگەری گرووپە مەرجەعییەکان لەسەر ڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاران. لەم بوارەشدا ئەم پرسیار دەکرێت:

***ئایا تێکەڵبوونە جوداییەکان پاڵنەر و هۆکارە بۆ ئەگەری ئەنجامدانی ڕەفتاری تاوانی؟**

**تاوتووێکردنی تیۆرەکان:**

سەبارەت بە تیۆری توێژینەوەکە، کە بریتییە لە تیۆری تێکەڵبوونە جوداییەکان، پەیوەندیی بە بابەتی توێژینەوەکە بریتیە لە هێزی تێکەڵبوونی نێوان تاکەکان و کاریگەری لەسەر فێربوونی تاك بە ڕەفتاری تاوانی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەرزەکاران بەهۆی تێکەڵبوون لەگەڵ گرووپە مەرجەعییەکان کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵس و کەوتیان دروستدەبێت، چونکە لەناو ئەم گرووپانەدا پەیوەندییەکان بەهێزن و ڕاستەوخۆن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئەم گرووپانە ببن بە نموونەیەکی باڵا بۆ هەرزەکاران لە ئەنجامی تێکەڵبوون و بەریەککەوتن لەگەڵیان هەرزەکار فێری ڕەفتاری ئەوان دەبێت.

**2 .4 توێژینەوەکانی پێشوو :**

بەکارهێنانی توێژینەوەکانی پێشوو لەتوێژینەوەی زانستیدا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ سەرکەوتنی توێژینەوەکە، بۆیە وا پێویست دەکات توێژەر بە وردی ئاگاداری ئەو توێژینەوانەبێت کە پێشتر لە هەمان بوار، یان لەو بوارانەی نزیک و هاوشێوەن لە توێژینەوەکە کراون. دەستکەوتنی توێژینەوەکانی پێشوو بەرچاوڕوونیی توێژەر بەرانبەر بە کێشەکەی ڕۆشنتر دەکات، لەڕووی تیۆرییەوە

ڕۆشنبیری دەکەن، سەرجەم لایەنە نادیارەکان ڕووناک دەکەنەوە، هەنگاوە نەنراوەکانی ئاشکرا دەکەن، گوڕوتاوی کارکردن بەتینتر دەکەن و باشترین هاندەر و یاریدەدەرن بۆ توێژەر لە کارەکەیدا (بۆکانی،56:2016).

**4. 2. 1 توێژینەوەی کاریگەری گرووپی هاوڕێیان لەسەر ڕەفتاری منداڵ و هەرزەکار(Raw and Fringtton, 1997)**. توێژەر لەتوێژینەوەکەیدا میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتییە لەشاری بۆستن لە ئەمەریکا، توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی بە ڕێگای ناهەڕەمەکی مەبەستدارە، بۆکۆکردنەوەی زانیاری ئامرازەکانی تێبینی و پرسیارنامەی بەکارهێناوە.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- زانینی ڕادەی کاریگەری ئەندامانی خێزان بەسەر ڕەفتاری یەکتر.

2-زانینی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و هەرزەکار لەناو خێزان و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری لادانی هەرزەکار.

3- دیاریکردنی کاریگەری گرووپی هاوڕێیان لەسەر ڕەفتاری هەرزەکار و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لەناو گرووپدا.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- ڕەفتارەکانی برای گەورە لەناو خێزان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر ڕەفتاری هەرزەکار لە خێزاندا لەلایەنی کرداری و چاولێکەری.

2- پەیوەندی نیوان براکان و ئەندامانی خێزان لەگەڵ یەك دەبێتە هۆی چاولیکەری و لێکچوونی ڕەفتار لەنێوانیاندا.

3- گرووپی هاوڕێیان بوارێکی کراوە و فراوانە بۆپێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەرزەکار، کە بەشدارە لە ڕەفتاری لادانی هەرزەکار لەلایەنی چاولێکەری و دووبارکردنەوەی ڕۆڵەکان تیایدا.

**4. 2. 2 توێژینەوەی تاوانبار" لەنێوان منداڵی و باکگراوندی خێزانی توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر نموونەیەك لە منداڵان لە ئینگڵتەرا و وێڵز (Williams, 2012)**.توێژەر لە توێژینەوەکەیدا میتۆدی وەسفی بەراوردکاری بەکار هێناوە، لەڕێگای ڕووپێوی گشتگیر، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتییە لەئینگڵتەرا و وێڵز، توێژەر نموونەی توێژینەوەکەی بە ڕێگای ناهەڕەمەکی مەبەستدار وەرگرتووە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری ئامرازەکانی تێبینی و چاوپێکەوتن و پرسیارنامەی بەکار هێناوە.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- زانینی سروشتی پەیوەندی نێوان منداڵی لادەر و ئەندامانی خێزان لەناو خێزاندا و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری منداڵ.

2- زانینی باکگراوندی خێزانی و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری لادانی لەلای منداڵ.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1-پەیوەندی نێوان منداڵ و ئەندامانی خێزان ڕۆڵێکی بەهێزی لەسەر شێوازی ڕەفتارکردنی منداڵدا هەیە.

2- باکگراوندی کۆمەڵایەتی خێزان کاریگەری لەسەر ڕەفتاری منداڵدا هەیە.

3- باکگراوندی خێزانی بەشێوازی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری منداڵ هەیە.

**4. 2. 3 توێژینەوەی گرووپی هاوڕێیان و پەیوەندی بە ڕەفتاری لادانی لای هەرزەکار(ملکی، 2015)**.لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی وەسفی بەکارهێناوە، بەڕێگای ڕووپێوی بەنموونە، کۆمەڵگای توێژینەوە بریتییە لە ئامادەیی الاخوین حسانی و محمد شریف بن شبیرە بوسعادە - ویلایەتی مەسیلە لەوڵاتی جەزائر، توێژەر نموونەی ناهەڕەمەکی مەبەستداری بەکار هێناوە، ئامرازی تێبینی و چاوپێکەوتن و فۆڕمی ڕاپرسی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بەکار هێناوە.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1- ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان گرووپی هاوڕێیان بە ڕەفتاری لادانی لای هەرزەکاران.

2- ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان گرووپی هاوڕێیان و ڕەفتاری توند و تیژی لای هەرزەکاران.

3- ئاشکراکردنی پەیوەندی نێوان گرووپی هاوڕێیان و ڕەفتاری تاوانی لای هەرزەکاران.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان گرووپی هاوڕێیان و ڕەفتاری لادانی لای هەرزەکاران.

2- پەیوەندی هەیە لەنێوان گرووپی هاوڕێیان و ڕەفتاری توند و تیژی لای هەرزەکاران.

3- پەیوەندی بەهێز هەیە لە نێوان گرووپی هاوڕێیان و ڕەفتاری تاوانی لای هەرزەکاران.

**4. 2. 4 تـوێژینەوەی کاریگـەری پـەروەردەی ئیسـلامی لـە ئاراسـتەکردنی ڕەفتـاری هـەرزەکار (محسـنة، 2018)** .لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفیشیکاری بەکارهاتووە، کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە مزگەوتەکانی شـاری گیـنرا سـۆپینج ، نمـوونەی تـوێژینەوەکەی لـەجۆری هەڕەمـەکی سـادە بەکارهـاتووە، بۆکـۆکردنەوەی زانیـاری ئامرازەکـانی تێبینـی و پرسـیارنامە و بەڵگەنامـە بەکارهاتووە.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- زانینی ئاڕاستەی ڕەفتاری هەرزەکارانی مزگەوتەکانی شاری گینرا سۆپینج.

2-زانینی کاریگەری پەروەردەی ئیسلامی لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری هەرزەکارانی مزگەوتەکانی شاری گینرا سۆپینج.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1- پەروەردەی ئیسلامی بەهایەکی پەروەردەیی گرینگی هەیە لەئاڕاستەکردنی ڕەفتار لەتەمەنی هەرزەکاریدا.

2- پەروەردەی ئیسلامی کاریگەری ئەرێنی لە ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری هەرزەکار هەیە، ڕۆڵێکی باشی هەیـە لـە پێگەیانـدنی هـەرزەکار لەمزگەوتدا.

**4. 2. 5 توێژینەوەی پەیوەندی لێکترازانی خێزانی بـە لادانـی هـەرزەکاران (پیـرداود، 2019)**. لـەم تـوێژینەوەیە تـوێژەر هەردوو میتۆدی بەراوردکاری و وەسفی( لەڕێگای ڕووپێوی کۆمەڵایەتی گشتگیر) بـەکارهێناوە، کۆمەڵگـای تـوێژینەوەکە بـریتییە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان- هـەولێر، جـۆری نمـوونەی هەڕەمـەکی ڕێکخـراوی بەکارهێنـاوە، ئـامرازی کۆکردنـەوەی زانیاری بریتیە لە فۆڕمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- زانینی پەیوەندی لێکترازانی ماددی خێزان بە لادانی هەرزەکاران، لە ئامادەنەبوونی یەکێك لـەدایك و بـاوك یـاخود هـەردووکیان بەهۆی مردن یا کۆچکردن یا جیابوونەوە.

2- زانینی ئاستی خراپی پەیوەندی نێوان دایك و باوك لە خێزاندا و پەیوەندی بە لادانی هەرزەکاران.

3- زانینی پەیوەندی لێکترازانی مەعنەوی خێزان بە لادانی هەرزەکاران.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- لێکترازانی ماددی خێزان بەهۆی مردن یەکێك لەدایك و باوك یاخود هەردووکیان یا کـۆچکردن یـا جیابوونـەوە، لـە هۆکارەکـانی ڕەفتاری لادانییە لای هەرزەکاران.

2- لێکترازانی مەعنەوی بەهۆی خراپی پەیوەندی نێوان دایك و باوك یاخود ناکۆکی و بەگژیەکداچوونی بەردەوام لەنێوانیاندا یاخود نموونەی لادانی ئەوکەسانە لەخاوەن پێشینەی تاوانین لەناو خێزاندا، هۆکارن بۆ لادانی هەرزەکاران.

3- بەکارهێنانی شیوازی هەڵە لەبوارەکانی پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکان و نازپێدانی زیاد و مامەڵەی توند و جیاکاری لە نێوانیاندا و پشتگوێخستن و نەبوونی چاودێری لەدەرەوەی ماڵدا، لەم هۆکارانەیە کە دەبنە مایەی لادانی هەرزەکاران.

**4. 2. 6 توێژینەوەی کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان لەسـەر هـەرزەکاران (أحمـد مغـاری، 2019)** . لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕوپێوی وەسفیی شیکاری بەکار هاتووە، لەڕێگای ڕووپێوی بەنموونە، کۆمەڵگای توێژینەوەکەی بریتییە لە قوتابیانی قۆناغی ناوەندی قوتابخانە حکوومییەکان لە هەردوو ڕەگەز لە شاری غزە لە وڵاتی فەڵەستین، جۆری نمـوونەی بەکارهاتوو نموونەی هەڕەمەکیی چینایەتییە، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتییە لە پرسیارنامە.

ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- ئاشکراکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری لەسەر هەرزەکاران لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە.

2- ئاشکراکردنی پەیوەندی شوێنەوارە نەرێنییەکان لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیری لەسـەر هـەرزەکار لەئـەنجامی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە بە ڕەگەزی هەرزەکارەکە و ڕادەی چاودێری خێزان لەسەر بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری ئەرێنی و نەرێنییان لەسەر هەرزەکاران هەیە.

2- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەرێنییان لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی هەرزەکاران هەیە.

3- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەرێنییان لەسەر لایەنی دەروونی هەرزەکاران هەیە.

4- تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەرێنییان لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری هەرزەکاران هەیە.

5- چاودێری خێزان لەسەر هەرزەکاران لەبەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەترسی کاریگەرییە خراپەکانی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانەیە.

6- کاریگەری نەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاواز نیە بەهۆی ڕەگەزی هەرزەکاران.

## 5. ڕۆڵی گرووپە مەرجەعییەکان لە پەروەردەکردنی هەرزەکاران:

لەبەر ئەوەی مرۆڤ مەیلێکی خودکارانەی هەیە بۆ کارلێك و تێکەڵاوی لەگەڵ کەسانی دیکە، بۆیە ناتوانێت بەتەنیا بژی، گرووپە مەرجەعییەکان ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕن لە گشت ئاستەکان لە تاك و گرووپ، لەسەر ئاستی تاك گرووپە مەرجەعییەکان هەڵدەستن بە تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تاك، گرینگترین ئەو پێداویستییە کۆمەڵایەتیانەش بریتیین لە ئینتیمای بەرەو کەسانی تر و ڕێزگرتن لێیان، بەڵام لەسەر ئاستی کۆمەڵگا گرووپە مەرجەعییەکان هەڵدەستن بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییە گرینگەکان لە ڕێکخستن و ڕۆڵ پێدانی پەیوەندییە کەسییەکانی نێوان تاکەکان و پشتگیریکردن و پاراستنی بەها کۆمەڵایەتییەکان کە بڕوای پییان هەیە و بڕیاری لەسەریان داوە(العزام، 2007: 54).

( لەکۆمەڵگای کوریدا، بەهۆی ئەو پەیوەندییەی لەنێوان گرووپە مەرجەعییەکانی خێزان، قوتابخانە لە مامۆستا و ستافی کارگێڕی قوتابخانە، خاوەن کار و ستافی کار لە ژینگەی کار، مامۆستای ئاینی و واعزی ئاینی و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەرزەکاران هەیە، جا چ پەیوەندییەکی باش بێت یاخود خراپ یا ئەرێنی بێت یا نەرێنی، ئەوا کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵس و کەوتی هەرزەکارەکە دروست دەکەن و دواجار لە ڕەفتاری هەرزەکارەکە ڕەنگدەداتەوە).

### 5. 1 ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی هەرزەکاراندا:

خێزان: بریتیە لە گروپێك لەتاك کە بە پەیوەندی هاوسەرگیری یا خوێن یا تەبەنی بەیەکەوە بەستراون، لەهەمان ماڵدا بەیەکەوە دەژین، کار لەیەك دەکەن لەڕێگای ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیان، بۆ پاراستنی هەمان شێوازی ڕۆشنبیری کاردەکەن(یونس،2006: 107)

مەبەست لە لێکترازانی خێزانی لەلایەنی کۆمەڵایەتی، لێکدابڕانی پەیوەستی خێزانییە کە بەهۆی تەڵاق و کۆچکردن و لێکترازان و لێکدابڕان و ململانێیە لەخێزان، خێزان کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لە سەر ڕەفتاری تاك، هەرزەکار کە چاوی دەکاتەوە و دەبینێت کێشەو دەمە دەمانێ لەنێوان دایك و باوك هەیە، ئەمەش ناچاری دەکات ماڵ بەجێبهێڵێت و ڕابکات لەژینگەی خێزان و ڕووبکاتە دۆزینەوەی هاوڕێ، کە ئەمەش بێشکە و لانکەی لادانە بۆی، لەسەر خێزانە بەو ئەرکەی هەستێت و هەرزەکار ڕوونەکاتە دەرەوەی خێزان و ماڵ و تێکەڵبوونی هاوڕێ بۆ دەستەبەرکردنی ئارەزوو و هیوایەتەکانی(سمیة،2006: 47).

خێزان لە دوو لایەن کاردەکاتە سەر ڕەفتاری لادانی لای هەرزەکار:

یەکەم: لێکترازانی ماددی خێزان، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دایك و باوك بەیەکەوە لەچوارچێوەی خێزاندا، ئەمەش لە ئەنجامی ئامادەنەبوونی هەردووکییان یاخود یەکێکیان، ئەگەر باوك ئامادەنەبوو لە خێزان بەهۆی مردن یا بەندکران یا کۆچکردن لە خێزان، یاخود کارەکەی هۆکاربوو بۆ ئامادەنەبوونی لەناو خێزان زۆربەی کات، هەرزەکار تیایدا بێ بەش دەبێت لەسۆز و چاودێری و ئاڕاستەکردنی و پەروەردەکردنی باوك، هەروەها ئامادەنەبوونی دایك بەهۆی مردن یا بەندکران یا ڕۆیشتن و کۆچکردن لە خێزان، لەگشت ئەم بارانەدا هەرزەکار بێ بەش دەبێت لەسەرچاوەیەکی گرینگ لەسەر چاوەکانی پەروەردەکردن و گەورەکردنی، ئەم بێ بەشبوونە یەکێکە لەو هۆکارانەی کەدەبنە پاڵنەری ڕەفتاری تاوانی. پەیوەستییەکی بەهێز هەیە لەنێوان لێکترازانی ماددی خێزان و ئەنجامدانی تاوان هەیە.

دووەم: لێکترازانی مەعنەوی خێزان، ئەم جۆرەی لێکترازان لە خێزاندا دەبێتەهۆی بڵاوبوونەوەی پەیوەندی خراپ لەخێزاندا، ئەگەر ناخۆشی و شەڕ بەردەوام لەنێوان دایك و باوك هەبوو یاخود هەردووکیان یا یەکێکیان پیشەوایەکی خراپ بوون بۆ منداڵەکانیان، واتە دایك و باوك یا یەکێکییان بەردەوام تاوانیان ئەنجام دەدا، یەکێك لەدایك و باوك بەشێوازێکی خراپ و

توندوتیژی مامەڵە لەگەڵ منداڵەكانی دەكات، ئەمەش دەبێتە هۆی هەستكردن بەتاوان لای منداڵ، هەروەها منداڵ هەستكردنی بەخۆشەویستی زیادتری دایك و باوكی بۆیەكێك لە خوشك و براكانی دیسان هۆكاری لادان وتاوانە لای هەرزەكار(الشهرانی،2004: 53-52).

خێزان بەرپرسیارە لە بونیادنانی كەسایەتی تاك، دواتر شێوازی ڕەفتاری و بەهاكانی و چاندنی سیفات و ڕەوشتی چاك تیایدا، لێرەدا هۆكارەكانی لادان و سەرپێچی پەیوەندی بە خێزان و كاریگەری ڕۆڵی خێزانی هەڵوەشاوە و لێكترازاو بەلادانی ڕەفتاری، خێزانی لێكترازاو ڕۆڵێكی كاریگەر دەگێرێت لە دروست بوونی ڕەفتاری تاوانی و لادانی لای هەرزەكار. خێزان بە گرینگترینی ئەو گرووپە یەكەمینانە دادەنرێت كە تایبەتن بە پەروەردە كردنی هەرزەكار و ئاڕاستەكردن و گرینگی پێدانی، بۆیە خێزان كاردەكاتە سەر دروست بوونی كەسایەتی هەرزەكار، وێنەی داهاتووی دەكێشێت، ئەمەش بەخانەی یەكەمی گشت كۆمەڵگایەك دادەنرێت (سمیة،2006: 46).

### 5. 2 ڕۆڵی قوتابخانە لە پەروەردەكردنی هەرزەكاراندا:

قوتابخانە یەكەم ژینگەی دەرەكیە كە تاك چاوی پێدەكەوێت دەسەڵاتێكی جیاوازە لە دەسەڵاتی دایك و باوك و خێزانەكەی، تاك بۆ یەكەمجارییەتی بۆ چەند كاتژمێرێك لە خێزان دوور دەكەوێتەوە، ئەمەش لەسەری پێویست دەكات پەیوەندییەكانی لەگەڵ كەسانێك ڕێكبخات كە هاوسۆزی سروشتی بەیەكەوەی گرێنەداون، ئەمەش ڕاهێنانیەتی لەسەر ژیانی لە كۆمەڵگایەكی گەورەتر، ڕایەكانی كۆمەڵگا و شارەزایی تایبەت و زانیاری كە سیستەمی بچووككراوەی كۆمەڵایەتییە منداڵ تیایدا فێری ڕەوشت و نەریتە كۆمەڵایەتیەكان و ئاڕاستەكان و ڕێگای بوونیادنانی پەیوەندی لەگەڵ كەسانی تر دەبێت(بلعید،2010: 50).

فێركردن و قوتابخانە بە چوار شێواز پەیوەندییان بە تاوان هەیە:

1- گۆڕان لە نەخوێندەواری بۆ خوێندەواری و فێربوون پاڵنەرە بۆ كەمبوونەوەی ڕێژەی تاوان: لەبەر ئەوەی فێركردن هۆشیاری لای تاك زیاد دەكات، فێری یاسای دەكات كە چۆن ڕێزی لێبگرێت و بەرامبەر سەرپێچی سزا هەیە، ئەم فێری هزری پاداشت و سزای دەكات و فێری ئامرازەكانی كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی دەكات.

2-گۆڕان لە نەخوێندەواری بۆ خوێندەواری و فێربوون پاڵنەرە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوان: فێربوون تاك فێری ئامرازەكان دەكات، كەدەتوانێت فێری تەكنەلۆژیای جۆراوجۆری بكات و فێری ئامرازەكانی تاوانی نوێی دەكات، لەمیانەی بەكارهێنانی ئامرازە پێشكەوتووەكانی تاوان وەكو ئینتەرنێت و كۆمپیوتەر، تاوانی نوێ پێویستی بە زانیاری و توانای زانستی هەیە، ئەوەی خوێندەوار نەبێت ناتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی تاوانی تەزویر و ساختەكردن و تاوانی تۆڕەكانی ئینتەرنێت.

3- گۆڕان لە نەخویندەواری بۆ خویندەواری و فێربوون پاڵنەرە بۆ گۆڕانی جۆری تاوان: ئەو تاوانانەی كە بڵاوبوونەتەوە لەڕێگای توندوتیژی و زۆرداری دەكران، بەڵام ئەمڕۆ شێوازی ئەنجامدانی تاوان و ئامرازەكانی گۆڕاون، ئێستا زانست پیشكەوتووە و تاوانیش پێشكەوتووە و ئامرازەكانیش پێشكەوتوون، هەتا ئامرازەكانی بەرپەرچدانەوە و ئاشكراكردنی تاوانیش پیشكەوتووە، گواستنەوە لە نەخوێندەواری و نەزانی بۆ خوێندەواری و فێربوون بۆتە پاڵنەری گۆڕانی جۆری تاوان، تاوانی نەخویندەواران بەتوندوتیژی و زۆرداری دەكرێت وەكو كوشتن و دزی، بەڵام خوێندەوار تاوانەكانی خیانەت لەئەمانەت و فێڵ كردن و تەزویر دەكات.

4- پەیوەندی نەگۆڕ و جێگیر لەنێوان گۆڕان لە نەخویندەواری بۆ خوێندەواری فێربوون و تاوان نیە: خوێندن و فێربوون چەكێكی دوو لایەنەیە، دەتوانرێت تاوان كەمبكاتەوە، لەهەمانكاتیشدا دەتوانێت تاوان زیاد بكات، هەروەك، ئەگەر قوتابخانە بەباشی بەكارهات بۆ پێگەیاندن و ئاڕاستەكردن ئەوا تاكی باش و چاك دێنێتە كۆمەڵگا، بەڵام بەپێچەوانە دەبێت ئەگەر قوتابخانە تەنیا ئامرازێك بوو بۆ ئەوەی تاك فێری زانست و زانیاری بكات، بابەتی تاوان تەنیا بەخوێندن نەبەستراوەتەوە، بەڵكو بابەتێكە بەستراوەتەوە بەبەهای ئەخلاقی و توانای وابەستەیی تاك بەهۆكارەكانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی دروست، كە خێزان فێری تاك دەكات(الزهراء،2014: 42).

### 5. 3 ڕۆڵی هاوڕێ لە پەروەردەكردنی هەرزەكاراندا:

گرووپی هاوڕێیان بەیەكێك لە گرووپە یەكەمییەكان دادەنرێت، (چارلس كولی) بەوە پێناسەی كردووە كە تاكەكانی گرووپە یەكەمییەكان بەكارلێكێكی ڕووبەڕوو كارلێكدەكەن و پەیوەندییەكی دۆستانە كۆیان دەكاتەوە(العزام،2007: 57).

ئەو گرووپانەی کە تاك ئینتیمای بۆ هەیە و دەچێتەناوییان لە هەرزەکاریدا تەنیا کورت نابێتەوە لەسەر خێزان و قوتابخانە، بەڵکو تاك کۆمەڵێك لە هاوڕێ هەڵدەبژێرێت کەهەمان مەیل و ئاراستەیان هەیە و تەمەنیان لەیەکەوە نزیکە، بەیەکەوە کات بەڕێدەکەن و یاری دەکەن و ئارەزوو و هیواکانییان دەهێننەدی(الشهراني،2004: 56).

هاوڕێی خراپ، لە گرینگترین ئەو فاکتەرانەیە کەهەرزەکار پاڵدەدات بەرەو ئەنجامدانی ڕەفتاری لادانی و تاوانی، تێکەڵبوون و بەریەککەوتنی هەرزەکار لەگەڵ هاوڕێی خراپ بەتایبەتی هاوڕێی کۆڵان و هاوڕێی قوتابخانە، تاك بەخێرایی کاریگەر دەبێت بە هاوڕێکانی و ئەو هاوڕێیانەی کەلەڕووی تەمەن و ڕۆشنبیری و ئارەزوو و ئاراستە و هیوایەتەکان هاوشێوەن، زیاتر لە دایك و باوك و قوتابخانە بە هاوڕێی کاریگەر دەبێت، تێکەڵبوونی لەگەڵ هاوڕێی خراپ دەیکاتە لادەر لە هەڵس و کەوت و ڕەفتاارەکانی ڕۆژانە کە لێرەدا نە خێزان و نەهیچ دەزگایەکی تری کۆمەڵگا توانای چاککردن و بەهێزکردنی ڕەفتارە تاوانییەکانی نیە کەبەشێوەیەکی هەڵە ئەنجامی دەدات، بەم شێوەیە پاڵی دەدات بۆ مەترسی و لێکترازان و نەگونجان، بەم شێوەیە خێزان ناتوانێت هەستێت بە ئەرکەکەی بەرامبەر تاك(عبدالله،2011: 145).

**5. 4 ڕۆڵی ژینگەی کار لە پەروەردەکردنی هەرزەکاراندا:**

ژینگەی کار، لە گرووپە مەرجەعییە ڕەسمییەکان هەژماردەکرێت, گرینگییەکەی لەئەنجامی ئەوە دەردەکەوێت کاتێك تاك لەگەڵ هاوڕێ و برادەرەکانی لە کارەکەی وەختێکی زۆر بەسەر دەبەن بەیەکەوە، ئەمەش هەلی گەورە دەڕەخسێنێت بۆ کارلێککردنی تاکەکان لەگەڵ یەکتری لە زۆربەی کارەکانی ژیان، هەندێك وەکو سەرچاوەی زانیاری هەندێکی تر بەکاردەهێنن، هەروەها بەهۆی ئەوەی سروشتی پەیوەندییەکان لە ژینگەی کار ڕەسمیە، وا پێویست دەکات تاکەکان گرینگی بە ڕاوبۆچوونی هاوڕێ و برادەرانی کار بدەن(أمال،2018: 566).

ژینگەری کار، پیشەیەك یا کارێك دەگوازێتەوە بۆ تاك، ئەم تاکە گونجان دروست دەکات لەگەڵ ئەم ناوەندە یاخود ڕووبەڕووی نەگونجان و سەرنەکەوتن دەبێت لە کارەکەیدا، ئەمەش هێواش هێواش کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی تاك و هزرە کۆمەڵایەتییەکەی دروست دەکات، لێرەدا فاکتەری جۆراوجۆر هەیە کە پاڵ بەتاکەوە دەنێت بۆ ئەنجامدانی کارەکەی بەشێوازی خراپ و ناڕێك، بەڵام لەبەر ئەوەی فشاری ئابووری لەسەری هەیە لە خێزاندا بەردەوام دەبێت لە کارەکەی(الشديفات،2015: 128).

ژینگەی کار وەکو ژینگە کۆمەڵایەتییەکانی تر هەلی ئەوە بۆ تاکەکان دەڕەخسێنێت، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ کرێکارەکان هەبێت لەکاتی چوونی بۆ کار و گەڕانەوەی لەکار یاخود لە کاتی کارکردن و کاتی پشوودا، ئەوا کاریگەر دەبێت بە ڕەفتاری کەسەکان بەتایبەتی هەرزەکار بە ئەرێنی و نەرێنی کاریگەر دەبێت بە ڕەفتاری هاوڕێکانی لەکاردا، هەروەها بارودۆخی کار ئەوە دەسەپێنێت بەسەر هەرزەکار کە پەیوەندی هەبێت بە تاکەکان کە بەئارەزووی خۆی نیە، هەندێك جار ناچاری دەکات لە ئەنجامدانی بۆ ناسین و بەریەککەوتنی بە شێوازەکانی زۆرێك لەخەڵك، وەکو کارکردن لە شوێنە گشتییەکان و قاوەخانەکان و کاری بازرگانی و ملکەچی دەبێت بۆ ئەوەی کاری تێدا بکات، بەتایبەتی هەرزەکار لە فێربوونی ڕەفتاری تاوانی، لەلایەکی تریش ئامرازەکانی هەندێك کار و پیشە هەندێك جار پاڵنەرن بۆ ڕەفتاری تاوانی، وەکو کارکردن و مامەڵە لەگەڵ خانەکانی لەشفرۆشی و شوێنەکانی مانەوەی شەوانە، ڕەنگە ببنە کەشێکی لەبار بۆ ڕەفتاری لادانی و ڕێپێنەدراو وەکو خوگرتن بە ماددەی هۆشبەر(عبدالله،2011: 147-148).

**5. 5 ڕۆڵی مزگەوت لە پەروەردەکردنی هەرزەکاراندا:**

مزگەوت، کاریگەری کارای هەیە لە پاڵپشتی و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگا، لە بەربەرەکانێی دیاردەی لادان لەسەر خەڵك و چارەکردنی لە پێناو خۆپاراستن، ڕۆڵی ئاین لەسەرووی گشت دەزگاکانی تری پەروەردەیی و یاساییە، بوونی پەیوەستە بە ویژدانی مرۆڤ کە بریتییە لە پوختەی قورس لە هاوسەنگی پابەندی مرۆڤ و پەروەردەی لەسەر خۆشەویستی چاکە و ڕاستی و جوانی. هەندێك لە زانایان باس لەگرینگی ڕۆڵی مزگەوت دەکەن لە پاراستنی کۆمەڵگا لەڕەفتاری تاوانی، وای دەبینن لاوازی مامۆستایانی ئاینی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تاوان و بەرەو تاوان چوون(أحان،2016: 21).

بەشێوەیەکی گشتی گرینگی پەروەردەی ئیسلامی بریتییە لە ئاراستەکردن و گەشەپێدان و پەرەپێدان لە قۆناغێك بۆ قۆناغێکی تر لە قۆناغەکانی ژیان، بۆ بەدەستهێنانی خاڵێکی توانای باڵا، پەروەردەی ئاینی ئیسلامی چەند ئەرکێکی لەسەر شانە وەکو

دەزگایەکی پەرەپێدانی تاك، بە سیفەتی خۆی کرداری گواستنەوەی ڕۆشنبیری لەسەر شانە بۆ نەوەکان یەك لەدوای یەك، هەروەها لەڕێگای پەروەردەی ئاینی کارلێکی نێوان توانای ڕۆشنبیری و پەروەردەییەکان ڕوودەدات، واتە پەروەردەی ئاینی ئیسلام کرداری بونیادنانی کۆمەڵگا یاخود گۆڕینی هەڵوێستەکان و ڕەفتارەکانی تاك و گرووپە، لەمیانەی کرداری پەروەردەی ئیسلامی و پراکتیزەکردنی کرداری گۆڕین و چۆنیەتی فێرکردنە لەسەر بەها و نموونەی باڵای ئیسلامی(محسنة،2018: 9-10).

مزگەوت تەنیا شوێنی نوێژ و بەندایەتی نیە، بەڵکو دامەزراوەیەکی گەورەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە، مزگەوت تەنیا هاوکاری هەرزەکار ناکات لە پەیوەستبوونی بە خودا، بەڵکو پەیوەستی دەکات بە کۆمەڵگاکەی و ژینگەکەی و درککردنی بە بەهاکەی و پارێزگاریکردنی لەو بەهایە. مزگەوت تاك فێری پەروەردەی ئاینی دەکات، فێری پێوەرە ڕەفتارییەکانی دەکات و گەشە بەویژدانی دەدات و کارلێکی بنەڕەتی نێوان تاکەکان دروست دەکات، مزگەوت بوونی خۆی ناسەلمێنێت تەنیا وەکو شوێنێکی پیادەکردنی کردارە ئاینییەکان، بەڵکو دامەزراوەیەکە کاریگەری قووڵی هەیە لەسەر دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاك و کۆمەڵگا(الشربيني،2001: 81).

**5. 6 ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە پەروەردەکردنی هەرزەکاراندا:**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، مەبەست لێی دامەزراوە حکومی و ناحکومی و ڕەسمی و ناڕەسمییەکانە، کە ڕۆشنبیری بڵاودەکاتەوە و پاشماوەی کۆن و نوێ بەتاکەکان دەناسێنێت، دەرگا بەڕووی ڕۆشنبیرییەکانی تر دەکاتەوە بە ئامانجی بەدەستهێنانی هاوڕایی تاك لەگەڵ گرووپە لۆکاڵییەکاندا، لەو دەزگایانەش ڕادیۆ و نووسراوە لۆکاڵییەکان و تەلەفزیۆن و ڕۆڵی سینەما، ئەم دەزگایانە ڕۆڵێکی گەورە دەگێرن لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، شوێنکەوتەی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی نیە لەلادانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی زانیاری و ڕاستیەکان و هەواڵەکان و وێنە و ڕاوبۆچوونەکان پێشکەش دەکات، کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر دروستبوونی ئاڕاستەکانی تاك، ئەم دەزگایانە لەدوو لایەن کاریگەرییان هەیە، یەکەم لەلایەنی ئەرێنی ئەمەش کاتێك ئەگەر بەمەبەستی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بەکارهێنرا ئەوا باش و بەرهەم دار دەبێت، دووەم لەلایەنی نەرێنی کاتێك بۆ مەبەستی خراپە بەکارهێنرا ئەوا کاریگەری خراپەی دەبێت و ئامرازێکی لادان و تاوان دەبێت(Krause,1980: 108).

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەشیوەیەکی گشتی کاردەکەنە سەر گواستنەوەی هزر و بەهێزترین ئامرازەکانی سەردەمە کە کاردەکاتە سەر ڕەفتاری تاکەکان و گرووپەکان بەتایبەتی هەرزەکاران، چونکە زیاتر کاریگەری دەکاتە سەرییان وەك کەسانی پێگەیشتوو بەهۆی جیاوازی ئاڕاستە و شێوازەکانی ڕەفتارییان قووڵتر دەکەونە ژێرکاریگەری ئەوشتانەی کە دەیبینن، سەیرکردن و بینینی توندوتیژی گوفتاری و ئاماژەیی زۆر بڵاودەکرێتە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەگشتی، هەوەك چۆن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێتەوە، کە هەرزەکار لاسایی دەکاتەوە لە دیاردە نەرینییەکان، خۆی دەبینێتەوە لە پەروەردەکردنی نەوەکان لەسەر ئەم وێنە توندوتیژیانە کە پەسەندکراونین، لەهەر بارودۆخیکدا دەبێتەهۆی دروستکردنی هۆشیاری بێزراو و ناپەسەند لە کۆمەڵگادا(أمال،2020: 119).

سەیرکردنی فیلم و ڤیدیۆی شەڕانی و توندوتیژ لەتەلەفزیۆن لەقۆناغی منداڵی، دەکرێت هاندەربێت بۆ زیادبوونی ڕەفتاری تاوانی و شەڕانی لە قۆناغی هەرزەکاری، هەوڵی دووبارەکردنەوەی دەدات وەك چۆن لە تەلەفزیۆن بینیویەتی(العلي،2018: 38).

پیشاندانی وێنەی سێکسی و ڕووت لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کاریگەری خراپ و تاوانی لەسەر ڕەفتاری هەرزەکاران دروست دەکات بەشێوەیەکی زۆر بەهێز، زۆرێك لە هەرزەکاران تاوانەکانی دەستدرێژی سێکسی و تەشقەڵەی سێکسییان ئەنجامداوە، بەهۆی سەیرکردنی وێنە و ڤیدیۆی سێکسی لە ماڵپەڕە کۆمەڵایەتییەکاندا(رضا،2017: 79).

**تاوتوێکردنی تیۆری توێژینەوەکە بە کاریگەری گرووپە مەرجەعییەکان لەڕۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا لە کۆمەڵگەی کوردیدا:**

لێردا بەهۆی تێکەڵبوونی هەرزەکار لەگەڵ گرووپە مەرجەعییەکانی دەورووبەری لە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەم گرووپانەوە، لەتیۆری تێکەڵبوونە جوودایيەکاندا لە تێکەڵبوونی تاك لەگەڵ دەورووبەری کۆمەڵایەتی لێیانەوە فێری ڕەفتار دەبێت، دەکرێت ڕەفتارەکە ئەرێنی بێت وە لەهەمان کاتیشدا دەکرێت نەرێنیش بێت، ئەمەش بنەمای تیۆری تێکەڵبوونە جوودایيەکانە، کەواتە گرووپە مەرجەعییەکان بەهەردوو ئاڕاستەی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری هەرزەکاران هەیە، بەڵام لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان کاریگەری نەرێنی گرووپە مەرجەعییەکانە لەسەر هەرزکاران.

لەکۆمەڵگەی کوردیدا دەسەڵات و توانای گرووپە مەرجەعییەکان گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە لەگەڵ گۆڕانی کۆمەڵگەکە، لە پێشووتردا خێزان دەسەڵاتی زۆر زیاتر بوو بەسەر ئەندامەکانی و توانای کۆنترۆڵکردنی زیاتر بوو، بەڵام بەهۆی زۆربوونی

پێداویستییەکانی تاك خێزان نەیتوانی گشت ئەرکەکانی بەتەنیا ئەنجامبدات، ئەمەش وایکرد دەزگای تر بێنەپێشەوە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خێزان هەر لەپەروەردەکردن و تێرکردنی پێداویستییەکانەوە تا دوا ئەرکی ئەم دەزگایانە، هەموو ئەمانەش وایانکرد پەیوەندی تاك بازنەیەکی گەورەتر ببڕێت و تێکەڵاوی تەنیا لەچوارچێوەی خێزان نەمێنێتەوە و قوتابخانە و گرووپی هاوڕێیان و مزگەوت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن......، بۆ تاك بوونە مەرجەع و سەرچاوەی بڕیارەکانی، بەم هۆیەوە تاك زیاتر و زیاتر تێکەڵاوی لەگەڵ گرووپەکان پەرەی سەند و دەسەڵاتی خێزان بەراورد بە پێشوو کەمتربووە، لەچوارچێوەی ئەم تێکەڵاوییەش تاك کەوتە ژێرکاریگەری ڕەفتار و بڕیاری گرووپە مەرجەعییەکانی بۆ ئەوەی بتوانێت لەچوارچێوەیاندا بمێنێتەوە ڕەفتاری هاوشێوەی ڕەفتاری دەوروبەرەکەی کردووە، جا ئەگەر ئەو دەوروبەرەی تێکەڵاوی لەگەڵیان کرد باش و دوور بوون لەتاوان و لادان ئەوا ئەویش تاکێکی باش و چاك دەبێت، وە بەپێچەوانەشەوە.

کەواتە تیۆری تێکەڵبوونە جوودابیەکان لەسەر گرووپە مەرجەعییەکان وواقعی کۆمەڵگەی کوردی جیبەجێ دەبێت لە فێربوونی ڕەفتاری تاوانی و لادانی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی کاریگەری ڕەفتار و بڕیارەکانی گرووپە مەرجەعییەکان بەسەر هەرزەکارانەوە، کە تیایدا دەرکەوتووە بەڕێژەیەکی بەرز هەرزەکاران لە ڕێگای هام و شۆکردن و تێکەڵبوون لەگەڵ کەسانی تر فێری ڕەفتاری لادانی بوونە و تاوانییان ئەنجامداوە.

**6. میتۆد و ڕێککارە مەیدانییەکانی وێژینەوەکە:**

**6. 1 میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیە پەنا بۆ بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی شیکاری براوە، لەڕێگای ڕووپێوی گشتگیر، میتۆدی وەسفی لێکۆڵینەوەی وەسفی دیاردەکان دەکات هەر بەو شێوەیەی لەواقعدا هەیە, بەشێوازی چەندی و چۆنی باس لەدیاردەکە دەکات لەگەڵ پلەی پەیوەستی دیاردەکە بەدیاردەیەکی تر، هەوڵدەدات شیکاری ئەنجامەکانی بکات و تێگەیشتنی بابەتیانەی بۆی هەبێت(سلاطنية، 2004: 190). لێرەدا میتۆدی وەسفی شیکاری لەڕێگای ڕووپێوی گشتگیر بەکارهاتووە، بۆ وەرگرتنی زانیاری لەبارەی یەکەکانی توێژینەوەکە، توێژەر تەواوی یەکەکانی توێژینەوەی وەرگرتووە بۆ ئەوەی ئەنجامەکانی بەسەردا بگشتێنێت.

**6. 2 کۆمەڵگای توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە سەرجەم بەندکراوان دەگرێتە خۆی لە هەردوو ڕەگەز لە هەردوو بەشی ڕاگیراو و سزادراو کە تەمەنییان لەنێوان ( 12- 17)ساڵیدایە، لەماوەی نێوان ( 2022/06/05 تاکو 2022/06/22 ) لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان/ هەولێر بەندکراون، لەم توێژینەوەیەدا ڕووپێوی گشتگیر بەکارهاتووە، چونکە هەڵساین بە ئەنجامدانی ڕووپێوی گشتگیر بۆکۆمەڵگای توێژینەوەکەمان، قەبارەی ئەندامانی کۆمەڵگای توێژینەوەکەمان بۆ توێژینەوە ژمارەیەکی بچووکە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕووپێوی گشتگیرمان بەکارهێنا کەبریتییە لە (60 ) هەرزەکاری بەندکراو، کەتەمەنییان لەنێوان(12-17)ساڵیدان. تیایدا توێژەر بەشێوەی فۆکس گرووپ یەکەکانی توێژینەوەی وەرگرتووە.کەتیایدا لەڕێگەی دابەشکردنی یەکەکانی توێژینەوەکە بەسەر (7) گرووپ و دیاریکردنی ژمارەی بەشداربوونی گرووپەکان لەسەر بنەمای زانستی کە ژمارەی هەر گرووپێك لەنێوان(8- 12) گرووپدابوون، بۆ ئەوەی بەپێی پێویست زانیاری توێژینەوەکە لەڕێگای فۆڕمی ڕاپرسییەکە لە لێتوێژراو کۆبکرێتەوە، ناوەندی ژمێرەیی بۆهەر گرووپێك لە پڕکردنەوە فۆڕمی ڕاپرسییەکە (37) خوولەك بوو.

**6. 3 ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە:**

بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریی بۆ ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی و ئەزموونکردنی لایەنی تیۆری، توێژەر سوودی لە ئامرازی فۆڕمی پێوەر وەرگرتووە

**7. ئەنجامەکانی فۆڕمی ڕاپرسی:**

**زانینی پەیوەندی نێوان گرووپە مەرجەعییەکان و ڕۆشنبیری هەرزەکاران بەپێی گۆڕاوەکانی(ڕەگەز، تەمەن و ئاستی خوێندەواری) توێژینەوەکە:**

**1. ڕەگەز:**

خشتەی(1)پەیوەندی گرووپە مەرجەعییەکان بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز دەخاتە ڕوو

| تەوەرەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (t) | بەهای Sig | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **فاکتەری خێزان** | نێر | 51 | 27.78 | 7.87 | 5.56 | 0.57 | ئاماژەدارنییە |
| | مێ | 9 | 26.22 | 5.84 | | | |
| **فاکتەر قوتابخانە** | نێر | 51 | 14.78 | 4.95 | - 2.19 | 0.03* (P=0.05) | ئاماژەدارە |
| | مێ | 9 | 18.66 | 4.38 | | | |
| **فاکتەری هاوڕێ** | نێر | 51 | 13.09 | 4.24 | - 0.57 | 0.56 | ئاماژە دارنیە |
| | مێ | 9 | 14.00 | 4.69 | | | |
| **فاکتەری ژینگەی کار** | نێر | 51 | 11.19 | 4.25 | -3.36 | 0.01* (P=0.05) | ئاماژەدارە |
| | مێ | 9 | 16.00 | 0.00 | | | |
| **فاکتەری مزگەوت** | نێر | 51 | 8.37 | 3.27 | 0.63 | 0.52 | ئاماژە دارنیە |
| | مێ | 9 | 7.55 | 3.50 | | | |
| **فاکتەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان** | نێر | 51 | 21.62 | 4.06 | 0.44 | 0.65 | ئاماژە دارنیە |
| | مێ | 9 | 21.00 | 2.00 | | | |

* پەیوەستییەکە ئاماژە ئاماری هەیە لە ئاستی باوەڕی 0.05

** پەیوەستییەکە ئاماژە ئاماری هەیە لە ئاستی باوەڕی 0.01

پاڵپشت بەو ئەنجامانەی لە خشتەی (1)دا خراونەتە ڕوو دەتوانین بڵێین، جیاوازیی کۆنمرەی پەیوەندی گرووپە مەرجەعییەکان لەسەر ڕۆشنبیری هەرزەکاران، لە هەریەکە لە تەوەرەکانی فاکتەری قوتابخانە بە بەهای (T= -2.19) و بەهای (P=0.05) و ژینگەی کار بە بەهای (T=-3.36) بەهای (P=0.05) جیاوازییەکی ئاماژە ئامارییە لە ئاستی (0.05). ئەمەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندی گرووپە مەرجەعییەکان لەڕۆشنبیرکردن هەرزەکاران. جیاوازییەکە لەتەوەری فاکتەری قوتابخانە بۆ ڕەگەزی مێ دەگەڕێتەوە بە جۆرێک کەئەوان بە ئاماژە ئامارییە، کە بەهای(Sig=0.03) بچووکترە (0.05)، کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی مێینە، چونکە ناوەندی ژمێرەییەکەیان گەورەترە، هەروەها لە تەوەری فاکتەری ژینگەی کار ئاماژەی ئامارییە، چونکە بەهای (Sig) کە (0.01) بچووکترە لەبەهای (0.05)، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی مێ لەبەر ئەوەی ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لە ڕەگەزی نێر.

ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئاراستەی تیۆری (ملکی، 2015)یەکانگیرە، کەدەڵێت پەیوەندی بەهێز هەیە لەنێوان گرووپی هاوڕێیان و ڕەفتاری لادان و تاوانی لای هەرزەکاران.

**2. تەمەن:**

خشتەی (2) پەیوەندی گرووپە مەرجەعییەکان بەپێی گۆڕاوی تەمەن دەخاتە ڕوو

| تەوەرەکان | تەمەن | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (F) | بەهای Sig | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **فاکتەری خێزان** | 13-12 | 4 | 35.50 | 22.39 | 2.47 | 0.94 | ئاماژەدارنییە |
| | 15-14 | 16 | 26.93 | 4.23 | | | |
| | 17-16 | 40 | 27.00 | 5.88 | | | |
| **فاکتەر قوتابخانە** | 13-12 | 4 | 34.00 | 7.70 | 1.32 | 0.27 | ئاماژەدارنییە |
| | 15-14 | 16 | 28.62 | 6.94 | | | |
| | 17-16 | 40 | 28.05 | 7.84 | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فاکتەری هاوڕێ | 13-12 | 4 | 15.75 | 5.00 | 0.84 | 0.43 | ئاماژەدارنییە |
| | 15-14 | 16 | 13.25 | 4.23 | | | |
| | 17-16 | 40 | 11.00 | 4.21 | | | |
| فاکتەری ژینگەی کار | 13-12 | 4 | 10.00 | 2.94 | 3.58 | 0.03* (P= 0.05) | ئاماژەدارە |
| | 15-14 | 16 | 7.43 | 3.30 | | | |
| | 17-16 | 40 | 8.40 | 3.68 | | | |
| فاکتەری مزگەوت | 13-12 | 4 | 21.25 | 2.50 | 0.93 | 0.39 | ئاماژەدارنییە |
| | 15-14 | 16 | 20.87 | 3.13 | | | |
| | 17-16 | 40 | 21.72 | 4.18 | | | |
| فاکتەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان | 13-12 | 4 | 5.25 | 1.50 | 0.16 | 0.84 | ئاماژەدارنییە |
| | 15-14 | 16 | 5.50 | 1.50 | | | |
| | 17-16 | 40 | 5.85 | 1.54 | | | |

* پەیوەستییەکە ئاماژە ئاماری هەیە لە ئاستی باوەڕی 0.05

** پەیوەستییەکە ئاماژە ئاماری نیە لە ئاستی باوەڕی 0.01

پاڵپشت بەو ئەنجامانەی لە خشتەی (2)دا خراونەتە ڕوو دەتوانین بڵێین، جیاوازیی کۆنمرەی گرووپە گرووپە مەرجەعییەکان بەرۆشنبیری هەرزەکاران بەپێی تەمەن، لە تەوەری فاکتەری ژینگەی کار بە بەهای (F=3.58) و بەهای (P=0.05) جیاوازییەکی ئاماژە ئامارییە لە ئاستی (0.01). ئەمەش بۆمان ڕوون دەکاتەوە گۆڕاوی تەمەن کاریگەری هەیە لەسەرپەیوەندی گرووپە مەرجەعییەکان بەرۆشنبیرکردنی هەرزەکاران. جیاوازییەکە لەتەوەری فاکتەری ژینگەی کار بۆ ئەوانە دەگەڕێتەوە کەتەمەنیان لەنێوان (12-13) بە جۆرێک کەئەوان بە ئاماژە ئامارییە، زیاترە لەوانەی تەمەنیان لەنێوان(14-15) و (16-17)، چونکە ناوەندی ژمێرەی ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (12-13) گەورەترە، کە تیایدا لە تەوەری فاکتەری قوتابخانە ئاماژە دەدات بەبوونی جیاوازی لە پەیوەندی گرووپە مەرجەعییەکان بەپێی ڕەگەز کە بەهای(Sig=0.03) بچووکترە (0.05).

ئەم ئەنجامە، پاڵپشتی ئەنجامی ئاراستەی تیۆری( Williams, 2012)دەکات، کە تیایدا دەڵێت باکگراوندی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری منداڵدا هەیە.

هەروەها یەکانگیرە لەگەڵ ئەنجامی ئاراستەی تیۆری (Raw and Fringtton, 1997) دەڵێت گرووپی هاوڕێیان بوارێکی فراوانە بۆ دووبارەکردنەوەی ڕەفتاری لادانی.

**3. ئاستی خوێندەواری:**

خشتەی (3) پەیوەندی گروپە مەرجەعییەکان بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندەواری ڕوون دەکاتەوە

| تەوەرەکان | ئاستی خوێندەواری | ژمارە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (F) | بەهای Sig | ئاستی دەلالەت (0.05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فاکتەری خێزان | نەخوێندەوار | 22 | 26.45 | 5.36 | 0.35 | 0.70 | ئاماژەدارنییە |
| | خوێندن و نووسین | 10 | 28.30 | 5.65 | | | |
| | بنەڕەتی | 28 | 2.14 | 9.55 | | | |
| فاکتەر قوتابخانە | نەخوێندەوار | 22 | 28.72 | 8.91 | 0.43 | 0.65 | ئاماژەدارنییە |
| | خوێندن و نووسین | 10 | 27.50 | 8.39 | | | |
| | بنەڕەتی | 28 | 28.89 | 6.42 | | | |
| فاکتەری هاوڕێ | نەخوێندەوار | 22 | 10.81 | 4.44 | 0.04 | 0.96 | ئاماژەدارنییە |
| | خوێندن و نووسین | 10 | 11.00 | 4.42 | | | |
| | بنەڕەتی | 28 | 13.11 | 3.92 | | | |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **فاکتەری ژینگەی کار** | نەخوێندەوار | 22 | 7.77 | 2.77 | 2.11 | 0.13 | ئاماژەدارنییە |
| | خوێندن و نووسین | 10 | 8.70 | 4.66 | | | |
| | بنەڕەتی | 28 | 8.46 | 3.73 | | | |
| **فاکتەری مزگەوت** | نەخوێندەوار | 22 | 21.90 | 3.51 | 0.32 | 0.72 | ئاماژەدارنییە |
| | خوێندن و نووسین | 10 | 22.20 | 4.66 | | | |
| | بنەڕەتی | 28 | 20.85 | 3.75 | | | |
| **فاکتەری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و** | نەخوێندەوار | 22 | 5.95 | 1.25 | 0.55 | 0.57 | ئاماژەدارنییە |
| | خوێندن و نووسین | 10 | 5.70 | 1.70 | | | |
| | بنەڕەتی | 28 | 5.53 | 1.66 | | | |

* پەیوەستییەکە ئاماژە ئاماری هەیە لە ئاستی باوەڕی 0.05

** پەیوەستییەکە ئاماژە ئاماری هەیە لە ئاستی باوەڕی 0.01

لە خشتەی ژمارە (3)دا دەردەکەوێت، جیاوازی لەکاریگەری گرووپە مەرجەعییەکان نیە لەرۆشنبیرکردنی هەرزەکاراندا بەپێی ئاستی خوێندەواری، چونکە بەهای (Sig) دەرهێنراوی سەرجەم تەورەکان گەورەترە لە ئاستی دەلالەت (0.05)، کەواتە ئاماژە ئاماری نییە.

### 8. گرینگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتیین لە:

1- هەرزەکاران جیاوازن لە کاریگەری و پەیوەندییان بە گرووپە مەرجەعییەکان لەڕووی(ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندەواری).

2- خێزان و گرووپی هاوڕێیان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندییەکی بە هێزییان بە ڕەفتاری هەرزەکاران هەیە.

3- قوتابخانە و فاکتەری مزگەوت پەیوەندییەکی لاوازییان بە ڕەفتاری هەرزەکاران هەیە.

**بەراوردکردن و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکانی پێشوو بەم توێژینەوەیە:**

1- هەرزەکاران جیاوازن لە کاریگەربوونیان بە گرووپە مەرجەعییەکان بە جیاوازیان لەسەر بنەمای گۆڕاوەکانی( ڕەگەز، تەمەن و ئاستی خوێندەواری)، ئەمەش هاوتەریە لەگەڵ ئەو ئەنجامەی(مغاری، 2019) کەدەڵێت کاریگەری نەرێنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازە بەهۆی جیاوازی ڕەگەزی لەسەر هەرزەکاران.

2- خێزان و گرووپی هاوڕێیان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندییەکی بە هێزییان بە ڕەفتاری هەرزەکاران هەیە، ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی( پیرداود، 2019) یەکدەگرێتەوە کە دەڵێت لێکترازانی ماددی و مەعنەوی خێزان هۆکاری ڕەفتاری لادانییە لای هەرزەکار، هەروەها ئەنجامی توێژینەوەی(ملکی، 2015) دەڵێت پەیوەندی گرووپی هاوڕێیان بەهێزە لەگەڵ ڕەفتاری لادانی لای هەرزەکاران، بەهەمان شێوە (مغاری، 2019) بەو ئەنجامە گەیشتووە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری نەرێنیان لەسەر لایەنی ڕۆشنبیری هەرزەکاران هەیە. دیسانەوە ئەنجامی توێژینەوەی (Williams, 2012 )دەڵێت پەیوەندی نێوان منداڵی لادەر و ئەندامانی خێزان ڕۆڵێکی بەهیز لەڕەفترکردنی منداڵ دەگێڕێت.

3- قوتابخانە و فاکتەری مزگەوت پەیوەندییەکی لاوازییان بە ڕەفتاری هەرزەکاران هەیە.ئەم ئەنجامە لەگەڵ ئەنجامی ئاڕاستەی تیۆری( محسنە، 2018) یەکدەگرێتەوە کە دەڵێت پەروەردەی ئیسلامی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەئاڕاستەکردنی رەفتاری هەرزەکاران، ڕۆڵێکی باش دەگێڕێت لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەرزەکاران لە مزگەوتدا.

### 9. دەرئەنجام و پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

#### 9. 1 دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

1- کاریگەری گرووپە مەرجەعییەکان جیاوازی دەبێت لەسەر ڕەفتاری هەرزەکاران بە جیاوازی هەرزەکاران لەسەر بنەمای(ڕەگەز، تەمەن و ئاستی خوێندەواری).

2- هەرزەکاران لەژێر کاریگەری بەهێزی (خێزان، گرووپی هاوڕێیان و ژینگەی کار و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) ڕەفتاری لادانییان ئەنجامداوە و هۆکارێك بووە لەئەنجامدانی تاوانیاندا.

3- هەرزەکاران لەڕەفتارکردنیاندا کاریگەری گرووپە مەرجەعییەکانی (قوتابخانە و مزگەوت)لەسەرییان بێ هێزە، واتە مزگەوت و قوتابخانە پەیوەندی بەڕەفتاری لادانییانەوە نییە.

### 9. 2 پێشنیازەکان:

1- گرووپە مەرجەعییەکان ئاڕاستەبکرێن لەلایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بۆ ئەوەی ئاشنا بکرێن بە ڕۆڵەکانیان لەبەرامبەر پەروەردەکردنی هەرزەکاران.

2- کاربکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی پەیوەندی نێوان گرووپە مەرجەعییەکان پەروەردەییە ڕەسمییەکان ، تاکو هەماهەنگی بکەن لە ڕۆشنبیرکردنێکی دروستی هەرزەکاران.

3- چالاککردنی گرووپە مەرجەعییەکانی خێزان و قوتابخانە و مزگەوت، بۆ ئەوەی شوێنی گرووپە مەرجەییەکانی تر بگرنەوە بۆ هەرزەکار لەگشت لایەکدا.

4- چاودێری کردنی گرووپە مەرجەعییەکانی وەکو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و تۆرەکۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی کاریگەرییە خراپ و نادروستەکانییان لەسەر ڕۆشنبیری هەرزەکاران دابماڵرێت.

### 10. لیستی سەرچاوەکان:

### 1 .10 سەرچاوە کوردیەکان:


-بۆکانی، سابیر (2016) میتۆدی توێژینەوەی زانستی, چاپی یەکەم، خانەی چاپ وبڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

- سعید، محمدامین سعید (2020) هۆکارەکانی وازهێنان لە خوێندن و پەیوەندی بە جۆری کۆمەڵایەتی- توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری هەولێر, زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، (نامەی ماستەر بڵاونەکراوە).


### 2 .10 سەرچاوە عەرەبییەکان:


- العلي, رشا محيسن(2018) السلوك العدواني لدى تلاميذ مرحلة الاساسي و علاقته بغياب أحد الوالدين, جامعة دمشق, سوريا, (رسالة ماجستير غيرمنشورة)..

-العزام, عبدالفتاح محمود عود(2007) العوامل المؤثرة على السلوك الشرائي لطلبة الجامعات الاردنية في اقتناء الهواتف الخلوية، جامعة ال البيت, الاردن. كليه تربيه، (رسالة ماجستير غير منشورة).

- أحان, لبنى(2016) قراءة في واقع و أفاق الظاهرة و علاجها, جامعة بتنة, الجزائر،(رسالة ماجستير غيرمنشورة),

- أمال, كزيز(2020) ديناميات الجماعة و اعادة بناء مفهوم العائلة, , جامعة قاصدي مرباح, الجزائر، كليه التربية، (رسالة ماجستير منشورة) .

- أمال, بن سعيد و العربي، بن لخضر(2018) أثر الجماعات المرجعية على السلوك الشرائي للأسرة, دراسة ميدانية, مجلة الشائر الاقتصادية, المجلد: 4, العدد: 2

- الشهراني, عبدالرحمن محمد(2004) الخصائص الاجتماعية لمرتكبي جريمة لسرقة في المحلات التجارية, جامعة نايف العربية للعلوم الامنية, الرياض رسالة (ماجستير منشورة).

- الشديفات, أمين جابر و الرشيدي, منصور عبدالرحمن(2015) العوامل الاجتماعية المؤثرة في ارتكاب الجريمة في المجتمع الاردني من وجهة نظر المحكومين في مراكز الاصلاح و تأهيل, جامعة الهاشمية, الاردن,(رسالة ماجستير غير منشورة).

- الشربيني، زكريا و صادق، يسرية(2001) تنشئة الطفل و سبل الوالدين في معاملته و مواجهة مشكلاته, الطبعة الاولى, دار الفكر العربي, القاهرة.

- الزهراء, جمعي الفاطمة(2014) السلوك الاجرامي عند المرأة الجزائرية, جامعة بليدة, الجزائر, كلية الاداب, (رسالة ماجستير غيرمنشورة).

- بحرومي، بحرالعلوم (2010) تربية المراهقين في ضوء السنة النبوية, جامعة ال البيت, الاردن,كلية التربية, (رسالة ماجستير منشورة),

- بكار، عبدالكريم (2010) المراهق, الطبعة الاولى, دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع والترجمة، القاهرة.

- بلعيد, الهام(2010) التنشئة الاجتماعية ة تأثيرها في سلوك المنحرفين الاحداثجامعة الحاج لخضر, الجزائر, (رسالة ماجستير غيرمنشورة).

- بيرداود، زانا أحمد(2019) علاقة التفكك الاسري بانحراف الاحداث, دراسة ميدانية في مؤسسة اصلاح الاحداث بمدينة أربيل, مجلة قەڵای زانست العلمية, المجلد:4, العدد:4.

- بيرداود، زانا أحمد(2017) علاقة الخصائص الاجتماعية و البيئية بالسلوك الاجرامي, جامعة صلاح الدين, اربيل, قسم علم الاجتماع,( أطروحة دكتوراهغيرمنشورة).

-همشري، عمر احمد (2013) التنشئة الاجتماعية للطفل, الطبعة الاولى, دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان.

- عبدالله, نوری سعدون(2011) العوامل الاجتماعية المؤثرة في ارتكاب الجريمة, مجلة جامعة الانبار للعلوم الانسانية, المجلد(4) , العدد(1),

- عودة, محمد(2017) النظريات المعاصرة للجريمة و الانحراف,جامعة الجيلالي بونعامة خميس مليانة, الجزائر, (رسالة ماجستير منشورة),

كوثر, ابراهيمي(2013) أثر ضغوط جماعة الاقران على مستوى امتثال الطفل, جامعة خيضر بسكرة, الجزائر, كلية التربية, (رسالة ماجستير منشورة).

-علي، منيبة عمر (2013) نمو الهوية و علاقته بالأغتراب النفسي لدى المراهقين, جامعة صلاح الدين, اربيل,, كلية التربية, (رسالة ماجستير غير منشورة).

- يونس, سمير(2006) ظاهرة العودة الى الانحراف, جامعة باجي مختار, الجزائر, (رسالة ماجستير غيرمنشورة).

-منصور، كاسر(2006) سلوك المستهلك مدخل الاعلان، الطبعة الاولى, دارالحامد، عمان..

محسنة(2018) تأثير قيمة التربية الاسلامية في توجيه الاخلاق للشباب المساجد غنرا سوبينج, , جامعة علاءالدين, اندونسيا, كلية تربية, (رسالة ماجستير غيرمنشورة) .

- ملكى, هجيرة(2015) الجماعة الرفاق و علاقتها بالسلوك الانحرافي لدى المراهقين, جامعة محمد بوضياف, الجزائر. كلية اداب, (رسالة ماجستير غيرمنشورة).

-نذير، انسام طلعت(2015) النمو الأخلاقي و علاقته بالشعور بالذنب لدى المراهقين في مركز محافظة اربيل, جامعة الصلاح الدين, اربيل, كلية التربية, (رسالة ماجستير غير منشورة ).

- صلاطنية, بلقاسم, الجيلالي, حسان(2004) منهجية العلوم الاجتماعية, الطبعة الاولى, دارالهدى, عين مليلة, الجزائر.

- سمية, حومر(2006) أثر العوامل الاجتماعية في جنوح الاحداث, جامعة منتوري قسنطينة, الجزائر، (رسالة ماجستير غيرمنشورة),

- فريجة, هياق ابراهيم(2019) النظريات المفسرة للسلوك الأنحرافي و الاجرامي رؤية اجتماعية, الجزائر، مجلة تطوير للعلوم الاجتماعية, مجلد: (12), عدد: (2).

- رضا, بوغرزة(2017) شبكة الانترنت و علاقتها بأكتساب السلوك الانحرافي لدى الشباب المراهق, جامعة محمد لمين دباغين, الجزائر، (أطروحة دكتوراه غيرمنشورة).


**10. 3 سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**


-Kwalker, Deborah Cours, Kiester, Tina (2008) Reference Group and Brand purchase behaviour, Vol. 8, California, Eroupean Advances in Consumer Research,

- Solomon, Michael, Others (2000) Consumer behaviour, European Porspective, Madrid, Spain.

-Krause.S, Others(1980) Mass Comunication on political the Pennsylvania,University Press, Pennsylvania.

- Lambert, Willam, Lambert, Wallace(1973) Social Psychology, printice Hall Englew wood cliffs, New Jersey.

-Williams, Kim(2012), Prisoners Childhood and family Backgrounds, SPCR ministery of Justic, London.

**أثر الجماعات المرجعية في تثقيف المراهقين**
**بحث ميداني في مديرية اصلاح النساء والأطفال بأربيل**

**علي هادي علي**
كلية الاداب - قسم علم الاجتماع / جامعة صلاح الدين
ali.h.ali@su.edu.krd

**صباح احمد نجار**
كلية الاداب - قسم علم الاجتماع / جامعة صلاح الدين

**ملخص**

هدف هذا البحث هي الى بيان أثر الجماعات المرجعية في التثقيف المراهقين فضلآ عن التعرف على أنماط هذه الجماعات و بيان أثر كل منها في عملية التثقيف ومن هذه الجماعات تم حصر( العائلة, المدرسة, جماعة الأقران, بيئة العمل, الجامع و وسائل الأعلام و شبكات الاجماعي) بحسب متغيرات هذا البحث ( الجنس, العمر و مستوى التعليمي).

وقد توصلنا الى نتائج تؤيد بأن عدد من العوامل الاجتماعية الناجمة من الجماعات المرجعية تمارس نمطين من التأثير في التثقيف الايجابى والتثقيف السلبى, غير أن المجمع لايقف عند الأثار الأيجابية بل تحاول جاهدة بيان الأثار السلبية للسلوكيات التى قد تخالف معايير المجتمع و عاداته و تقاليده.

**الكلمات المفتاحية:** الجماعات المرجعية, التثقيف, المراهق.

**The impact of reference groups on educating adolescents**
**Field research in the Directorate of Women and Children Reform in Erbil**

**Ali Hadi Ali**
Sociology Department, Colleage of Arts,
Salahaddin University-Erbil
ali.h.ali@su.edu.krd

**Sabah Ahmed Njar**
Sociology Department, Colleage of Arts,
Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

The aim of this research is to demonstrate the impact of reference groups on adolescent education, as well as to identify the patterns of these groups and to indicate the impact of each of them on the education process. Among these groups, the (family, school, peer group, work environment, Mosque, Media and Social networks) according to the variables of this research (gender, age and educational level).

We have reached results that support that a number of social factors resulting from reference groups exercise two types of influence on positive education and negative education, however, the community does not stop at the positive effects, but rather tries hard to show the negative effects of behaviors that may violate the community standards, customs and traditions.

**Keyword:** Reference Group, Adolscence, Educating.